لەبەڵگەنامەکانی شۆڕشی ئەیلولەوە

# چەند سەرنجێك لە بارەی ڕێکخستنی پارتی

**ئەم بابەتەی لای خوارەوە باسێکی گرنگە سەبارەت بە کاری ڕێکخستن و شێوازی ئەرك وفەرمانەکانی (کادر) لەبواری کاری حیزبی وچۆنیەتی پەیڕوکردن لە ئۆرگانەکانی ئەوسای پارتی کە مێژووەکەی بۆ بیست وحەوت ساڵ بەر لە ئێستا ئەگەڕێتەوە، کە پێدەچێت لە لایەن هەڤاڵ( مام جەلال )ەوە نووسرابێت.**

ئا:زەردەشت کەمال

پارتی بە واتا حزب هۆیەکە کەنەك ئامانجێك بێت خۆ بە خۆی هۆیەکە بۆ گەیشتنە ئامانجێك ئەم ئامانجەش ئەگۆڕێت بەپێی بەرژەوەندی مادی یەی پارتی یە کە ئەینوێنێ لەبەر ئەوە مەسئولیەتی هەر پارتییەك ئەگۆڕێت بە پێی گۆڕینی ئەو ئامانجە

مسئولیەتی پارتیەکی پێشکەوتەی زۆر گەورەیە چونکە بەستراوە بە خەبات کردن لەپێناوی گۆڕینی زروفی کۆمەڵەکەو ئەو بارە مادیەی تیا ئەژی وە پێشخستنی لە ئاستێکی دواکەوتووەوە بۆ ئاستێکی بەرزتری بەرزتر. جابەم پێیە مسئولیەتی سەر شانی پارتیمان زۆر گەورەیە چونکە لەسەریەتی خەبات بکا بۆ گۆڕینی ژیانی کۆمەڵی کوردەواری کەلە خواروترین پلەی دواکەوتندایە بۆ پلەیەکی بەرزتری برزتر لەسەریەتی خەبات بکا بۆ هێنانە دی هەموو ئامانجەکانی نەتەوەکەمان لە یەککگرتنەوەی کوردستانی لەت لەتکراوو سەربەستیو سەربەخۆی و دیموکراتی ی‌سی‌ریەتی خەبات بکا دژی ایمپریالیزمی عالەمی داگیرکەری کوردستان و هێزی کۆنەپەرستی ناوخۆی داردەستی بەبێ ووچان وەستان کە ئەمەش بەبێ‌گومان مسئولیەتێکی یەکجار گەورەو گرنگە کەوتۆتە ئەستۆی پارتیمان پێویستە بەجێی بهێنێ.

جا هر پارتیەك بۆئەوەی لێی بوەشێتەوە ئەم مەسئولیەتە گەورەیە هەڵبگرێ پێویستە لەسەری پێشڕەوی چینە کۆمەڵایەتیەکانی گەل بێ وە پێویستە بەڕاستی سەرکردەی ئەو گەلە بێ وە بۆئەوەی پارتییە ك بگا بەم پایەیە ئەبێ هەموو سروشتێکی سەرکردایەتی تیا هەبێ وەکو ڕێکخستنێکی ووردو پتەو وە سەقافەتێکی بەرزو فراوان جگە لەمانەش پێویستە پرۆگرامێکی زانستی هەبێ لەسەری بڕواو ئامانجێکی سەرەکی هەبێ خەڵکی ڕابکێشێتە ڕیزی ئامانجێکی واکە لەبەرژەوەندی گەلەکەوە هەڵقولابێ جا پێش ئەوەی لەو مەرجە بنچینیانە بکۆڵینەوە کە پارتی لەسەر ڕێك ئەخرێ بە پێویستی ئەزانین بەکورتی لە

سرووشتە بنەڕەتیەکانی پرۆگرام بکەین لەگەڵ ئەو ئامانجە سەرەکیەی پێویستە پارتیەکە بۆی تێبکۆشێ وە ئەو ڕێگایەی پێویستە بیگرێ.

لە هەمووشت پێویستر بۆ پارتیەکی پێشکەوتە ئەوەیە پرۆگرامێکی هەبێ لەسەری بڕواو هەوڵ بدا ئامانجەکانی ئەو پرۆگرامە بهێنێتە دی وە ئەبێ ئەم پرۆگرامە لەسەر ڕۆشنایی زانست دامەزرابێ و ویستەمەنیەکانی ژیانی مادی کۆمەڵەکە دەربڕێ نەک کۆمەڵە ووشەیەک و چەند دروشمێکی ڕق و تەق بێ کە هیچ بنچێکی مادی نەبێ لە ژیانی گەلدا وە نەک دامەزرابێ لەسەر چەند ئاواتێکی کەسانی ساویلکەی دڵپاک. بەڵکو پێویستە دامەزرابێ لەسەر ئەو یاسایانەی ژیانی کۆمەلایەتی پێش ئەخەن.

کەوابێ هەر پارتییەکی شۆڕشگێڕ کە بییەوێو کار بکاتە سەر ژیانی کۆمەڵەکەی و بەگورجی بیگۆڕێو بەرەو پێشتری بخا پێویستە لەسەری پشت بەنەزەرییەکی کۆمەلایەتی ببەستێ کە بەووردیو ویستەمەنیەکانی پێشکەوتنی ژیانی مادی گەلەکەی دەربخا وەلە توانایدا هەبێ خەڵکی ببزوێنێ و کۆیان بکاتەوە و ڕێکیان بخا. وەپارتیمان تاکە پارتێکە لە کوردستاندا توانیویەتی بەجۆرێکی ڕاست لە کێشەی کۆمەلایەتیمان بکۆڵێتەوە لەسەر بناغەیەکی زانستی وە زانیویەتی هۆیە ڕاستەقینەکانی پەیدابوونی ئەو کێشانە چیەو چۆن جێبەجێ ئەکرێن ئەمانە هەمووی لە پرۆگرامە زانستییەکەماندا کۆکراوەتەوە کە پرۆگرامێکە تائێستا هاوتای نەبووە.

**ئامانجی سەرەکی**

بۆ ئەوەی پارتیەکی شۆڕشگێڕی پێشکەوتە توانای هەبێ خەڵکی ڕابکێشێتە ڕیزی خۆیەوە کۆیان بکاتەوەو ڕێکیان بخاو بیان بزوێنێ پێویستە لەسەری ئامانجێکی سەرەکی هەبێ هەولی بۆ بدا جێبەجێی بکا وە ئەم ئامانجە سەرەکیەش پێویستە گەورەترین ویستەمەنی خەڵکی بنوێنێ و یەکەم خواستیان بێ بۆ ئەوەی پارتیەکە بە ئاسانی بتوانێ ئەو خەڵکە لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە وە هەموو کاتێک ئامادە بن بێنە کۆڕی خەباتەوە و سڵ لە هەموو خۆدانانێک نەکەنەوە وە لەم ئامانجە سەرەکیەش وە گەلێ ئامانجی تریشی لێ ئەبێتەوە کە پەیوەستێکی بەهێزیان هەیە لەگەڵ ئامانجەسەرەکیەکەدا بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەوانیش یەنە جێی وە هەر لەو کاتەشدا جێبەجێکردنیئەمانە ڕێگا تەخت ئەکا بۆ جێبەجێکردنی ئامانجە گەورەکە. ئامانجی هەرە گەورەی پارتیمان ڕزگارکردن و یەکگرتنەوەی هەموو کوردستانە کە ئامانجی هەموو گەلی کوردە بە هەموو چینە کۆمەلایەتیە نیشتیمانیەکانیەوە وە ئامانجەکانی تری پارتیمان کە لەم ئامانجە گەورەیە ئەبێتەوە بەهێز کردن و پاراستنی جمهوریەتی عێراقە وە فراوانکردنی ڕێبازە دیموکراتیەتەکەیەتی وە هێنانە مافە تەبیعیەکانی نەتەوەکەمانە کە لە دەستوورە موەقەتەکەماندا پێی لێنراوە وە چەسپاندنی لە دەستوورە دائیمەکەدا وە بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی کۆمەلایەتیمان لە هەموو ڕوویەکەوە بە بێگومان بەجێبەجێکردنی ئەم ئامانجە ڕێگا زۆر باش تەخت ئەبێ بۆ هاتنە دی ئامانجە گەورەکەمان کەلەسەرەوە ناومان برد چونکە

لەسایەی ڕژێمێکی دیموکراتیدا وە تائەو ڕژێمە لە دیموکراتیەتدا فراوانتر بێبەو پێیەش ڕێگای خەباتمان بۆ فراوانتر ئەبێ بەڵگەشمان بۆ ئەمە بەراورد کردنی خەباتی نەتەوەکەمانە لە ژێر ڕژێمی دکتاتۆریەتی ایران و تورکیاو جمهوریەتی عەرەبی یەکگرتوودا لەگەڵ خەباتی نەتەوەکەماندا لە ژێر ڕژێمێکی دیموکراتیدا وەکو ڕژێمی جمهوریەتی کوردو عەرەب لە عێراقدا.

### پارتیەکی جەماهیری

بەڵام پارتیەك هەرچەندە پرۆگرامێکی زانستی هەبێ کە ویستەمەنیەکانی گەل و پێشکەوتنی دەربڕێ وە هەرچەندە ئامانجێکی سەرەکی هەبێ کۆششی بۆ بکا بۆ هێنانە دی ناتوانێ پێویستی خۆی بەجێ بهێنێ ئەگەر پرۆگرامەکە یۆ ئامانجەسەرەکیەکەی ئامانجی زۆربەی خەڵکی ئەبێ بە واتایەکی تر بۆ ئەوەی پارتییەکی شۆڕشگێڕ بتوانێ کار لە زروفی گەلەکەی بکا و بیگۆڕێ پێویستە پارتیەکی جەماهیری بێ. کەوابێ پارتییەکی جەماهیری ئەو پارتییەیە کە ویستەمەنەکانی جەماهیری دەرئەبڕێ وە هەوڵئەدا کێشەکانی بۆ جێبەجێبکا و بەرگری لە بەرژەوەندیەکانی بکا وە ئەو پارتییە کە گەلێ چەشنە پەیوەندی هەیە لەگەڵ چینە کۆمەڵایەتیە نیشتیمانیەکانی گەلدا لە کارگەکاندا لە بازاڕدا لە خوێندنگاکاندا لە دائیرەکاندا وە لە دامەزراوەکاندا وە لەناو جوتیارەکاندا وە لە هەموو جێگایەکی تردا. بەکورتیەکەی پارتییەکی جەماهیری ئەو پارتییەیە کە باوەش بگرێ بە دروشمەکانیدا لە لایەن فراوانترین خەڵکییەوە.

وە ئەو ڕێگا گرنگەی کە پارتیەکی تێکۆشەر ئەکا بە پارتیەکی جەماهیری ئەو پەیوەندیانەیە کە پەیدای ئەکا لەگەڵ خەڵکیدا چ لەڕووی فراوانی‌و قووڵییەوە وەچ لەلایەن پەیوەندیەکەوە.

هەر تەنها ڕێکخستنێکی ڕێکوپێك بەس نییە بۆ گەشەکردن و پێگەیاندنی پارتیەکی شۆڕشگێڕو شەتەکدانی بە خەڵکییەوە بگرە ڕۆژنامەو چاپەمەنی‌و کۆبونەوە گشتییەکان و شتی تری وەکو ئەمانە ئەو هۆیانەن کەپەیوەندی پەیدا ئەکا لە نێوانی پارتیەکەو خەڵکیدا بەڵام ئەمەش هەموو هۆیەك نین بەڵکو پێویستیشە لە هەموو جێگایەکدا لەناو بازاڕدا لە کارگەکاندا لەناو جوتیاراندا وە لە جێگاکانی تردا تیایانا پارتییەکە بنکە دابمەزرێنێ بۆ پەیداکردنی پەیوەندی لەگەڵ خەڵکیدا. پەیداکردنی پەیوەستی دۆستایەتی‌و برادەرایەتی شخسی لەگەڵ گەورەترین ژمارەی خەڵکیدا لەکردەوە گرنگەکان دەژمێرێت کە پێویستە ئەندامەکانی پارتیەکە پێی هەڵسن بۆئەوەی پارتییەکەیان بچێتە ناو خەڵکییەوە.

### ڕێکخستن (التنظیم)

بەڵام و گریمان پارتیەك لە نەزەریەیەکی زانستی فەلسەفەیەکی ڕاست و ئامانجێکی سەرەکی هەبوو ئایا ئەمانە بەسن؟ بە بێگومان نا ئەگینا ئەم هەموو خۆدانان و تێکۆشانە پێویستی نەئەکرد کە پارتیەکی کوشەرەکانی گێتی پێی هەڵئەسن بگرە مەرجێکی بنچینەیی تریشی هەیە پێویستە لە پارتیەکی شۆڕشگێڕدا هەبێ کە

لەگرنگیدا ئەگەر بەئەندازەی مەرجەکانی تر نەبێ لێیان کەمتر نییە ئەویش ڕێکخستنێکی دیموکراتی پتەوە کە دوور بێت لە انتهازیەت ە گەلەگۆمەکی (تکتلات) تا پارتییەکە دەرفەتی ببێ ئەو ئامانجەی لە پرۆگرامەکەیدا هەیە جێبەجێیان بکا بەبێ ڕێکخستنێکی وا پرۆگرامەکەی هەر بە مەرەکەبی لەسەر قاقەز ئەمێنێتەوەو پارتی یەکەش ئەبێ بە جێگای کۆبونەوەی چەند تەماڵ و تەوەزەلێك ناتوانن هەنگاوێك نەتەوەکەیان پێش بخەن.

تا ئێستا لە گێتیدا گەلێ پارتی دامەزراوە وە دامەزرێنەرانی ئەو پارتییانە گەلێ چەشنە پرۆگرامیان داناوە و هەوڵیان داوە ئەم پرۆگرامانە ویستەمەنیەکانی گەل بنوێنن وە گەلێ دروشمی نایابیان هەڵگرتووە و مۆرو کلێشەیان بەناوی پارتییەکەیان بەکار هێناوە بەلاَم ئەو پارتییانە لە ناو ئەو مۆرو کلێشەو پرۆگرامەدا زیاتر بریان نەکردوە چونکە دامەزرێنەری ئەو پارتییانە نەیان ویستووە خۆیان بە ئیشی پارتی یەکەیانەوە خەریك بکەن وە بچنە ناو خەڵکییەوەو ڕێکیان بخەن لەبەر یەك شت ئەویش ئەوەیە ئەم جۆرە کەسانە ئەم کۆشش و توانایەیان لەباردا نییە. جا ئەو مەرجە بنچینەییانەی چین کە پێویستە پارتییەکی تێکۆشەری لەسەر ڕێکبخرێ وە ئەو سروشتانە چین کە ئەبێ لە پارتییەکدا هەبێ کە بە جۆرێکی ڕاست و ڕێکخرابێ. هەموو پارتییەکی شۆڕشگێڕی گەلێ پێویستە ئەم سروشتانەی خوارەوەی تیابێ کە سروشتێکی بنچینەیی زۆر گرنگن.

1- پەیوەست لە نێوانی ئامانجەکان و ڕێکخستندا :

2- ڕێکخستن کە شێوەی ئیشکردنە چوار چێوەیەکی وشکو ڕەق نیە لە هەموو بارو زروفێکدا وە بۆ هەموو سیاسەت و ئامانجێك بەکار بهێنرێت. پارتییەکی خەباتکەر پێویستە مروونەتێکی ئەوتۆی هەبێ لە گۆڕینی شێوەی ئیشکردنیا کە دەرفەتی بداتێ لەسەر خەباتی خۆی نەوەستێ لە هەموو زروفێکو بارێکدا بە واتا مروونەت لەشێوەی ئیشکردنداو توانای گۆڕینی بە پێی زروف بەبێ ئەوەی زیانێکی گەورە بگەیەنێ بە پارتی یەکە. وە ئەتوانین بڵێین گرنگترین شت ئەوەیە ئەم پەیوەستە هەبێ لە نێوانی ئامانجەکان و ڕێکخستنی و شێوەی ئیشکردندا ئەگەر ئامانجەکانی پارتی یەکە ئامانجەکانی زۆربەی گەل بوو ئەوسا زۆربەی ڕۆڵەکانی گەلەکە بگرە هەموویان چەند کەسێکی کەمی لێ دەرچێ بەشدار ئەبن لە خەباتدا لە پێناوی ئەم ئامانجانەدا. لەبەر ئەوە هەر ڕێکخستنێك پارتی یەك لە سەری بڕواو مەبەستی هێنانە دی ئەم ئامانجانە بێ پێویستە زۆر ووردو بەهێزو مروونەتدار بێ بە جۆرێك ڕێگا بدا بە پارتییەکە زۆربەی ڕۆڵەکانی گەل بگرێتە باوەش وە لە دڵو دەرونیان بگاتو بیرو باوەڕی خۆی لە ناویاندا بچەسپێنێ. ئەمە تێمان ئەگەیەنێ کە پارتییەکی تێکۆشەر ئەبێ بزانێ کەی پەتە پێشەوەو کەی ئەکشێتە دواوە نەوەك لە توانای خۆی زیاتر ئەرکیسەرشانی قورستر بکرێو گەلێ هەلی لەباری لە کیس بدا وە لە پاشا گۆشەگیری بکا لە زۆربەی ئەوانەی هێشتا

گەڵاڵە نەبوون ئەو ڕێگایە بگرن.

-3 2- پەیوەست لە نێوانی زرووف و ڕێکخستندا:

-4 هەروەکو پێویستە پەیوەست هەبێ لە نێوانی ئامانج و ڕێکخستندا هەروەهاش ئەبێ پەیوەست هەبێ لە نێوانی ڕێکخستن و ئەو زرووفەدا کە پارتیەکی خەباتکەر ئیشی تیا ئەکا. پێویستە لەسەر پارتیەکە کە هەموو توانایەك و زروفێك بەکاربهێنێ بۆ چەسپاندنی ئامانجەکانی خۆی وە بۆچونە ناو خەڵکیەوە وە بۆ ئەوەی دەنگی بگاتە هەموو کەسێك. ئەگەر دەرفەت هەبوو پارتیەکە بەجۆرێکی فراوان داوای جێبەجێکردنی ئامانجەکانی خۆی بکا پێویستە ئەم داواکردنە تەسك نەکاتەوەو دەنگی خۆی کپ نەکا بەڵام ئەگەر هاتو بار گۆڕاو سەربەستی نەما یا تەسك بووەوە بەڕادەیەك داواکردنی ئەو ئامانجە بوو بەخەتەر یان قەدەغەکرا ئوسا پێویستە شێوەی خەباتی خۆی بگۆڕێ و ڕێگایەکی نوێ بگرێ کە بتوانێ بەدعایەوە لەسەر داواکردنەکەی خۆی بڕوا و لە خەباتدا بەردەوام بێت. وەبەکورتی پێویستە لەسەرمان شێوەی ئیشکردنمان و ڕێکخستنمان بگۆڕین بەپێی ئامانج و زرووف نەك ئامانجەکانمان بگۆڕین بە پێی شێوەی ئیشکردنمان هەروەکو هەندێ کەس بە هەڵە تێگەیون. جا ئەگەر پێویست بێ ڕێکخستن وەکو شێوەی ئیشکردن مروونەتدار بێ وە پێویست بێ پەیوەندی هەبێ لە نێوانی ئەمەداو ئامانجە سیاسیەکەداو دەست بدا بۆ زروفەکە, ڕێکخستن جگە لەمە چەند مەرجێکی بنچینەیی خۆی هەیە پێویستە تیا هەبێ وە بەبێ ئەم مەرجانە نە ڕێکخستن هەیە وە نە پارتی. ئەم مەرجانە زۆر پێویست و بنچینەین لە هەموو زرووف و بارێکدا کە بریتین لەمانە:

-5 1- سەرکردایەتی وسروشتەکانی

-6 2- یەکێتی ارادە

-7 3- دیموکراتیەتی ناوچە

-8 4- دابەشکردنی ئیش و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی

8-5- ڕەخنە گرتن

8-6-پەیڕەوی کردنی ڕژێمی پارتی

8-7- وە خۆ تەسقیف کردن بە سەقافەتی پارتیەوە گەڵێ شتی تری وەکو ئەمانە.

ئیستا ئەمانەوێ بەکورتی نەختێك لەم مەرجانە بدوێن.

**سەرکردایەتی**

بۆئەوەی پارتیەکی شۆڕێگێڕچالاك و بەهێز بێ وە بۆئەوەی ڕژێمێکی پتەوو ڕاستی هەبێ پێویستە سەرکردایەتیەکەی پارتیەکە چەکدار بێ بەسەقافەتێکی زانستی بەرین و قووڵ وە پێویستە پیشەی هیچی تر نەبێ لە خەباتکردن بەولاوە وە شارەزاییەکی بەکردەوەی هەبێ و لەبەر هەموو گێژەڵووکەیەکدا خۆی بگرێ بەرژەوەندی بەسترا بێ بە بەرژەوەندی پارتیەکەیەوە ئەمە جگە لە گەلێ سروشتی تر کە پێویستە لە سەرکردایەتیدا هەبێ وەکو هووشیاری و دوور ئەندێشی و وریای و ناوبانگێکی بەڕێزی بەرز لە ناو خەڵکیداو دان بەخۆیا گرتن و بێفیزو هەوابێ.

**چەکدار بوون بە نەزەریەکی زانستی**

ئـەو سـقافەتە زانسـتی‌یەی پێویسـتە لـە سـەرکردایەتیدا هـەبێ نەزەریـەی پێشـکەوتنی کۆمەڵـە(مجتمع)کـەتوانای ئـەداتێ لـە کێشـەکانی کۆمـەڵ بگـاو لـە ڕێگایـەکی ڕاسـتەوە جێبـەجێیان بکات. بەلام بەتەنیا نەزەریەی زانستیش بەس نییە چـونکە زۆرکـەڕەت دیومانـەو بیسـتومانە کـە سـەرکردەکانی هەنـدێ لـە پارتی‌یـەکان گـەلێ نەزەریـەیان خوێندۆتـەوەو لەبـەریان کـردوەو چەند وشـەو دروشمێکیـان لێ هـەڵگرتووە وەکـو خـەڕەك ئەیلێنـەوە کەچی لەگەڵ ئەوەشا وەکو دەنگیشوت ئەیانەوێ بەرداشی ئاش بە شیرە دارینە بوەستێنن وە زۆر دورن لـە واقیعـەوە وە نـاتوانن دەرك بـە مانا ڕاستەقینەکانی ووشـەی نـاو ئـەو کتێبانـە بکـەن وە نـاتوانن نەزەریـەو بـەکارهێنان (النزریـە والتتبیـق) لەگـەڵ یەکـدا بگـونجێنن لەبـەر ئـەوە ئـەیان بیـنین هەمیشـە لـە زینـدە خـەودان وە ئـەو خەڵکـەش کـە ئەمانە سـەرکردایەتی ئەکـەن بە کوێرانە ئـەڕۆن بە ڕێگاوەو ئەوەندەی پێناچێ هەڵئەخلسکێن.

### شارەزایی‌یەکی کردەوەیی

هەر تـەنها خوێنـدنی نەزەریـەی زانستی بـەس نییە بەس نییە بۆ سەرکردایەتی بزوتنەوەکە بەڵکو ئەمەش شـارەزایی‌یەکی کـردەوەی بە مروونـەت لە بـەکار هێنـانی نەزەریەکـەدا شـتێکی زۆر گـرنگ‌و پێویستە سەرکردە ئەم شارەزایی‌و ئەم مروونەتـەی لـە زروفـی خـەباتی پارتی‌یـەوە وە لـە پێنـانی لـە هەڵـەکانی وەڕاسـت کردنـەوەیان وە لـە چـونە نـاو بزوتنەوەکــە وە ئیشــکردنێکی بــێ وەســتانو خۆبـەختکردن لـە پێنـاوی بزوتنەوەکـەدا دەسـتی ئەکەوێ بەلام لە دیوەخانەکانداو جێگای ڕابواردندا

سـەرکردە هیچی دەست ناکـەوێ لـەو سروشتانەی ئەبێ لە سەرکردەیەکی دڵسۆزی گەلیدا هەبێ.

خەریك بوونی سەرکردە بە ئیشی پارتی‌یەوە وە ئامادەکردنی... وە بۆئەوەی لەگەڵ نەزەریەکەدا شارەزایی‌یەکی‌کردەوەیی‌لەسـەرکردەدا هـەبێ پێویسـتە لەسـەری هـەموو کـاتێکی بـۆ ئیشـی پارتی‌یەکـە تـەرخان بکـا وە دواڕۆژی خـۆی بـەدواڕۆژی بزوتنەوەکـەوە ببەسـتێ نـەك بـۆ کـات بەسەربردن بە بزوتنـەوە کە ڕاببوێرێ یا بازرگانی پێـوە بکـات وە یـاخۆی پێـوە هەڵکێشـێ ئەمـەش لەهـەموو کەسـێك نایـەت ئەوانـە ئـەبن واز لـە بەرژەوەنـدی خۆیـان ئـەهێنن وە خۆیـان بـۆ بزوتنەوەکـە دائـەنێن بەڕاسـتی‌و دڵسـۆزی بـەبێ ئەوەی چاوەڕێی هیچ پاداشت و سوپاسێك بن بـەڵێ ڕووئـەدا یـەکێك خـۆی وادەربخـا کـە سـەرکردایەتی لێ ئەوەشـێتەوە وەوای بداتە قەڵـەم هەموو سروشتێکی سەرکردایەتی شاهیدە وەچەند برادەریشـی بـەتان‌و پۆیـدا هەڵبـدەن بـەلام ئـەم خۆدەرخسـتنەو ئـەم تەقەلایـەی هـەتا سـەر ناشارێتەوەو ڕۆژێك هـەر ئـەبێ ڕاستەقینەکەی بۆ خەڵکی دەربکەوێ.

### خۆڕاگرتن لەبەر تەنگو چەڵەمەدا

بـۆ سـەرکردایەتی هەرئـەوە بـەس نی‌یـە نەزەری‌یەی زانستی‌و شارەزایی کردەوەی لەخۆیدا کۆبکاتـەوەو هـەموو کـاتێکی خـۆی بەخـەبات کردنـەوە بەرێتـە سـەر بـەڵکو سـەرەڕای ئەمانـەش پێویستە ئەم سەرکردایەتی‌یە لەبەهێزی‌و پتەویدا وەکو پیکی پۆلا وابێ ئەم هێزو پتەوییەش پەیدا نـابێ بـەبێ باوەڕیـەکی تـەواو بەبزوتنەوەکـەو

ئامانجەکانی بزوتنەوەکە مەبەستیش لەهێز هێزی عەقیدەو بەردەوامیەتی وە دەست برنەدا ئالەم عەقیدەیە وە ڕۆیشتنی تادواهەناسە لەگەڵ بزوتنەوەکەدا بەبێ کۆڵدان هەرچەندە توشی گیروگرفتو تەنگوچەڵەمە ببێ وەهەرچەندە بزوتنەوەکە کۆسپی سەخت بێتە ڕێگای.تائێستا گەلێ سەرکردە پەیدا بوونو خۆیان هێناوەتە پێشەوە بۆ سەرکردایەتی بزوتنەوەو ناویان بەرز بۆتەوە لەکاتی گەشەکردنی بزوتنەوەکەدا بەلاَم هەر کەبزوتنەوەکە کۆسپی هاتۆتە ڕێگاو مەترسی پەیدا بووە وەیان بەرتیلێکی چەوریان خراوەتە پێشچاو سەری‌خۆیان کردۆتەوە بەقاوغەکەی خۆیاندا وەپاڵیان لێداوەتەوەئەمەیە انتهازیەت کە پێویستە خەڵکی وریابن بەقسەی بریقەداریان لەخشتە نەچن.

### ئەوانەی لەوەو پێش خزمەتیان هەیە

هەندێ کەس هەن بەقەزاو قەدەر کەوتونەتە ڕیزی تێکۆشەرەکانەوەو سەرکردەکانەوە نەلەبەر ئەوەی خەباتکەر بوبن بەڵکو هەرلەبەرئەوەی ڕۆژێلە ڕۆژان کتێبێکیان داناوە یا وتارێکیان نووسیوە وە یاخوتبەیەکیان خوێندۆتەوە ئیتلر ئەمە بەسە ئەوانەی خۆیان وادابنێن کە لەبزوتنەوەکەدا دەستێکی بالاَیان هەبووە. بەلاَم ئێستا هیچ ئیشێکیان نەماوە ئەوەنەبێ لەسەر بزوتنەوەکە بە هەڵمەتە کاسایی بژین وەهەوڵ بدەن ڕای کێشن بۆ ئەو لایەنەی خۆیان ئەیانەوێ یالەژێر چاودێری خۆیاندا بێ لەگەڵ ئەوەشدا کە دوورن لەخەباتی ڕاستەقینەوە ئەمانە هەروەکو ئەیان بینن ڕەخنە لەم ئەگرنو پلار ئەهاونە ئەو وە خۆیان کردۆتە ڕاست پەرستو سەرکردەیەکی دڵسۆز. وە ئوی جێگای شانازی بێت لەناو پارتیماندا جێگای ئەم جۆرە کەسانە نەبۆتەوە چونکە چالاکی پارتیمان گورج ئەم جۆرە مرۆڤانەی توورِ هەڵداوەتە دەرێ.

### چەنەبازەکان

وەلەناو پارتیەکی خەباتکەردا ئەشێ هەندێ ئەندامی دڵسۆز هەڵبکەون بەلاَم چەنەبازان ناتوانن ئیشی پارتی‌یەکەبان بەجێ بهێنن ناتوانن ئیشێکی ڕێکوپێکی بەبایەخ هەڵسوڕێنن هەرئەوەندە نەبێ چەند زۆر ئەدەنو هیچ کارێکیان بەدڵ نی‌یە وە بەهەزارەها اقتراح ئەکەن وە هەرخەریکی ئەوەن بڵێن بۆچی پارتی بەم ئیشە هەڵناستێ‌وەلەبەر چی ئەم ئیشەی کرد؟ وە بۆچی کار بەوشێوەیە لەپارتیدا ئەڕوات ئیتر هەموو کردەوەیەکیان هاتۆتەسەر لەبەرچی‌و لەبەرچی بەبێ‌کۆتای هاتن.

ئەم جۆرە کەسانە ئەگەر بخرێنە ناوچەیەکی سەرکردایەتی‌یەوە لەپارتیدا ناهێڵن هیچ ئیشێك بروا بەڕێوە لەبەر موناقەشەی زۆرو قسەی بەتاڵیان بۆیە پێویستە ئەم کەسانە لە ناوچە سەرکردایەتیەکاندوور بخرێنەوە.

### بەرژەوەندی مادی بەجۆرێکی سەرەکی ڕەوشتی سەرکردە دەرەخا

چۆن ئەم سروشتانەی لە سەرەوە باسمان کرد لەکەسانی سەرکردایەتیدا هەڵئەکەوێ وە لەبەر چی هەموو ڕۆژێك ئەبینین چەند سەرکردەیەك گلۆر ئەبنەوەو بزوتنەوە توڕیان هەڵئەداتە کەنارەوە وە خۆی لێیان پاك ئەکاتەوە, ئەم چارە نووسە

بەجۆرێکی سەرەکی بەرژەوەندی مادی دای ئەنێ بەرژەوەندی مادی دورپیانێکە لێوەی سەرکردەی دڵسۆز لەسەرکردەی انتهازی جیا ئەبێتەوە.

تا ئێستا کە بەرزترین ناوچەی سەرکردایەتیان داگیر کردووەو خۆیان هەڵکێشاوە کە گەلێ شتیان لەباردا هەیە بەڵام ئەوەندەی پێنەچوە لەو ڕێگایە لایان داوە کە لەسەری بوون وە دەستیان لەو ئامانجانە هەڵگرتوە کە لەوەو پێش خۆیان پێوە بائەدا چونکە بەرژەوەندی مادی ئەوەندەی پێناچێ ڕاستەقینەی ژیانی مادی دەرئەخا کەهەر ئەمەیە هەرکەسە بەڕێگایەکی جیاوازدا ئەبا جا کەی بەرژەوەندی یەکێك لەگەڵ بەرژەوەندی بزوتنەوەکەو ئامانجەکانیان یەکی نەگرت وە نەگونجاوە ئەم نەگونجانە گەیشتە ڕادەیەك نەتوانرا لەگەڵ یەکدا کۆبکرێنەوە ئەوسا ئەوکەسە لە ئامانجەکە وەرئەگەڕێ کەوای نیشان ئەدا گوایا لە پێناویا کۆشش ئەکا.

## یەکیەتی ئیرادە

جگە لەو سروشتانەی لەسەرەوە باسمان کرد کەئەبێ لەو کەسانەدا هەبێ کە سەرکردایەتی پارتیەکی شۆڕشگێڕ ئەکەن پێویستە ئەم سەرکردایەتیە یەك ارادەی هەبێ هیچ پارتیەك سەرناکەوێ بەبێ یەکێتی ارادەو یەکێتی ئیشکردنی ئەندامەکانی ئەمەش واتای ئەوە نیە کە پێویستە لە پارتیەکەدا یەك ڕا هەبێ وەهەرچی ڕایەکی تر هەبێ بکوژرێ بگرە بەپێچەوانەی ئەمە ڕژێمێکی ڕاست پێویست ئەکا لەپێش هموو شتێکدا ڕەخنە هەبێو جیاوازی ڕا هەبێ لەناو پارتیەکەدا وە پێویستی ئەکا بە اتاعەیەکی هۆشدارانە نەك کوێرانە. بەڵام کە جیاوازی ڕایەکان گەیشتە نوقتەیەك زۆربە پەسەندی کرد ئیتر پێویستە کۆتایی بەڕەخنە گرتن بهێنرێتو ئەو ڕایە پەسەند کراوە لەلایەن زۆربەوە بخرێتە کارو هەموو ئەندامەکانی هەوڵ بدەن بۆ جێبەجێکردنی بەبێ ئەم یەکێتیە هیچ پارتیەکی تێکۆشەر ناتوانێ بژی.

بوونی گەلەگۆمەکی (تکتلات) لەناو پارتیەکداو سەرکردایەتیەوە ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ کە پارتیەکە یەك ارادەی نیە لەبەر ئەوە ئەو پارتیە ڕژێمەکەی بێهێز ئەبێ وە ئەوەندەی پێناچێ ئەڕوخێ.

جا بۆ چارەکردنی ئەم گەلەکۆمەکیانەو پاراستنی پارتیەکە کە پێویستە دەستبەجێ بەبێ هیچ مەرجێك ئەو انتهازیانە دەربکرێن وە ئەوی ئەڵێ گوایا هەر بەتەجمید کردنی ئەو کەسانە چارەی ئەم کێشەیە ئەکرێ زۆر بە هەڵەدا ئەچێ بیەوێ یان نەیەوێ ئەبێ بەهۆی وەستاندنی پارتیەکەی وە ئەیکا بە کوتەکی دەستی انتهازیەکان وە بە پاشا پەرشو بڵاو ئەبێتەوەو بزوتنەوەکەش لەگەڵ خۆیدا لەناوی ئەبا.

## ڕەخنە گرتن

وەئەو ڕێگایەی پارتیەکی خەباتکەر ئەبێ لەسەری بڕوا بۆ ئەوەی لە هەڵەکردن خۆی ڕزگاربکا ڕێگای ڕەخنەگرتنە بەبێ ڕەخنە پارتیەکە ناتوانێ هەڵەکانی خۆی بدۆزێتەوەو ڕاستیان بکاتەوە هەموو پارتیەکی تێکۆشەر توشی هەڵە ئەبێ ئەمە شتێك نیە زیانێکی ئەوتۆی هەبێ بەڵام زیانەکە لەوەدایە هەڵە بکاو ڕاستی نەکاتەوە پارتیەکی ڕاست ئەوەیە کە هەڵەکانی گرنگ نیەو ئەزانێ

چۆن بەئاسانی چارەیان ئەكا. هەموو ئەو پاریيانەی بلاوەیان پێكەوتووەو لەناو چوون لەبەر ئەوە بووە لەخۆیان بایی بوون وە نەیان زانیوە تاچ ڕادەیەك بەهێزن وەترساون باس لە كەموكوڕی خۆیان بكەن.وە نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ كە ڕەخنەگرتن واتای ئەوە نی‌یە ڕێكخراوە خواروەكان لە بڕیارەكانی ڕێكخراوە سەرووەكان دەربچن وە ئەندامەكان بەپەڕەوی فەرمانەكانی سەركردایەتی نەكەن وەلێی دەربچن یان كەمایەتی گوێڕایەڵ نەبێ بە بڕیارەكانی زۆربە.

## دیموكراتیەتی ناوچەیی (الديمقراطية المركزية)

یەكێ لە مەرجە بنچینەیەكانی ڕێكخستن و ئەو شتەی سەركردایەتی لە سنوری دەسەلاتی خۆیدا ئەوەستێنێ و نایەڵێ شوڵی لێ هەڵكێشێ ئەوەیە ڕێگا بدرێ بە ئەندامەكانی پارتی‌یەكە ڕای خۆیان دەرببڕنلە دەربارەی كاروباری پارتی‌یەكە كە یانەوە موناقەشەی لەسەر بكەن بەلاّم نەك بەشێوەیەكی گێرەشێوێنی ببێ بەهۆی شڵەژان و تێكدانی زەبتی پارتی. بەهیچ كلۆجێ دیموكراتیەت لەناو پارتیدا واتای ئەوە نی‌یە هەموو ئەندامێك بە ئارەزوی خۆی چی بوێ بیكا شتێكی وانابێ لە پاتی‌یەكی پێشڕەودا ڕوبدات بگرە ئەم پاشاگەردانیە هەر لەناو پارتی‌یە انتهازیە كۆنەپەرستەكاندا ڕووئەدا.

لە پارتی‌یەكی پێشڕەوی تێكۆشەردا ئەبێ دیموكراتیەت ناوچەیی بێ بەواتایەكی تر ئەبێ پێویستە پارتی‌یەكە یەك سەركردایەتی هەبێ هەموو بیروباوەڕو فرمانێكی لێوە دەرچێ و چاوەدێری جێبەجێكردنیان بكا ئەمە پاش ئەوەی ئەم بڕیارو فەرمانانە لەلایەن زۆربەوە پەسەند ئەكرێ. بەلاّم هیچ بڕیارێك نادرێ پاش موناقەشەیەكی فراوان نەبێ لە ڕێگایەكی دیموكراتی سەربەستەوە دوور لە هەموو زۆرە ملێیەك وە هەڕەشەو گوڕەشەیەك. وە بەكاهێنانی دیموكراتیەتی ناوچەی مەرجێكی زۆر پێویستە بۆ ئەوەی كەمایەتی بەگوێی زۆربە بكا.

ئەگەر زۆربە بڕیارێكیدا لەسەر هەموو ئەندامێك پێویستە بەجێی بهێنێ تەنانەت ئەوەش كە ئەو بڕیارە پەسەند ناكا بە پێچەوانەی پارتی‌یە انتیهازیەكان كە ئەندامەكانیان هەریەكە بەپێی بەرژەوەندی خۆی ئەبزوێتەوە وە سەركردە چاوی لێ ئەپۆشێ چونكە خۆشی -سەركردە- ئەیەوێ لە كردەوەكانیان سەربەست بێ وە پەیڕەوی ئەو بڕیارانە ئەكا لەگەڵ بەرژەوەندی خۆیا ڕێك ناكەوێ.

یەكێتی سەركردایەتی ناوچەیی نرخێكی ئەوتۆی نابێ ئەگەر لە پارتی‌یەكەدا گیانێكی دیموكراتی نەبێ لەسایەیدا ئەندامەكان باس لەكێشەی خۆیان و كێشەی پارتی‌یەكەیان بكەن.

كەوابێ دیموكراتیەت و ناوچەیی دوو شتی بەیەكەوە بەستراون و لەیەك ناپچڕێن لە هەموو پارتی‌یەكی پێشكەوتوی پێشڕەودا كەلەسەر بناغەیەكی زانستی دامەزرابێ وە نەبونی دیموكراتیەت لە پارتی‌یەكدا لەوانەیە لەهەموو پارتێكدا وە ڕێگەری بۆ دیكتاتۆریەت و بەرەو انتهازیەت خلۆری بكاتەوە هەروەهاش نەبوونی ناوچەی گێرەشێوێنی و ئاژاوەو تێكچونی یەكێتی ارادە لە پارتی‌یەكەدا پەیدا ئەكا كەئەمەش ئەبێ بەهۆی پەیدا بوونی هێلانەی گەلەكۆمەكی و

کردەوەی ڕوخێنەری انتهازی

دیموکراتیەت لەناو پارتییەکدا واتای ئەوە نییە ئەندام سەربەستە لە رەخنەگرتن لە پارتییەکەی وە ئەو ئیشانەی پێی هەڵئەستێ لەلای هەموو کەسێك لە هەموو جێگایەکدا بەڵکو ئەندام تەنها بۆی هەیە لەناو ڕێکخراوەکەی خۆیدا رەخنە بگرێ و هەڵە بدۆزێتەوە. دیموکراتیەتی ناوچەیی دوو شتی زۆر گرنگ لە ڕێکخستندا دەست پارتییەکە ئەخا-یەکەمیان- یەکێتی پێك ئەهێنێ چونکە اتاعەکردنی کەمایەتی بۆ زۆربە واتای ئەوەیە پارتییەکە پارێزراوە لە دروستبوونی هێلانەی گەلەکۆمەکی لەناویدا, -دووهەمیشیان- دەرفەت ئەدا بە ئەندامەکانی پارتییەکەو سەرکردایەتییەکەی هەریەکەیان چاودێری ئەویکەیان بکەن کەلەم ڕێگایەوە سەرکردە لە توانایدا ئەبێ دەرسی ئەندامەکان دا بدا وە هەر لەو کاتەشدا دەرس لە ئەندامەکان وەرگرێ.

## پەیڕەوی کردنی ڕژێمی پارتی

بەبوونی دیموکراتیەتی ناوچەیی لە پارتییەکدا پەیڕەوی کردنی ڕژێمی پارتییەکە ئەبێ بە شتێکی ئاسایی تەبیعی بەڵام بەبێ دیموکراتیەت قەت ناتوانرێ ڕژێم پەیڕەو بکرێ چونکە پەیڕەو کردنی ڕژێم پێك نایە بەبێ باوەڕکردن, ئەم باوەڕکردنە تا سەقافەتی ئەندامەکان پێشتر کەوێ و ئاستی هوشیاری بەرزتر بێتەوە باشتر بەهێز ئەبێ.

ئەم باوەڕکردنە بەزۆرەملێ ناسەپێنرێ بەسەر ئەندامەکاندا بەڵکو مەبدەئێکە ئەبێ خەباتکەرەکان بە ئارەزوی خۆیان بچێتە مێشکیانەوە کە نیشانەی دڵسۆزی و هەوڵ بەرزییانە بەو مەسئولیەتەی خستویانەتە سەر ئەستۆی خۆیان بەرامبەر پارتییەکەیان و گەلەکەیان و نیشتمانەکەیان جاکە بڕیارەکانی پارتییەکە هەمووی لە ڕێگایەکی دیموکراتییەوە بدرێ و لەلایەن لیژنەکانەوە بلاوبێتەوە کە بەشێوەیەکی دیموکراتی هەڵبژێراون کەوابێ پەیڕەوکردنی ڕژێمی پارتییەکە جێبەجێکردنی ارادەی پارتییەکەیە وە ڕێزگرتنی لە بڕیارەکان و خۆبەستنەوە بە ڕژێمەوە واتای ئەوەیە ارادە گشتیەکی پارتییەکە ئەخرێتە سەروو ارادەی تاکە کەسێکەوە وە بۆ ئەوەی پارتییەك بەجۆرێکی باس بکا بەم مەبدەئە پێویستە تیایا ئیش دابەش بکرێ و چاودێری جێبەجێکردنی بڕیارەکانی بکرێ.

## دابەش کردنی ئیش وە بەجێهێنانی بڕیارەکانی

دابەشکردنی لە نێوانی ئەندامەکاندا بەتایبەتی لەنێوانی سەرکردەکاندا وە بەشدارکردنی ڕێکخراوەکان و شانەکان لە چالاکی سیاسیدا بەبێئەوەی هەرتەرخان بکرێ بۆ چەند ئەندامێکی مەسئوللەمەڕ جبنجیەکانی ڕێکخستنی پارتییە چونکە شتی بنجی لە ڕێکخستندا هەڵبژاردنی ئەندامەکانە بۆ ئەو ئیشانەی لە توانایاندا هەیە بەجێی بهێنێ وە چاودێری کردنی بەجێهێنانی ئەو ئیشانەیەوە دابەشکردنی ئیش پێویستە ئەکا بەدامەزراندنی هەندێ لیژنە کە هەریەکەیان خەریك بێ بە ئیشێکی پارتییەکەوە وە ئەم لیژنانە ئەو ئیشانە دابەش ئەکەن بەسەر سەرکردەکانداو ئەندامەکاندا هەرکەسە بە پێی

تواناو شارەزایی خۆی وە هەر لیژنەیەك لەسەرێتی چاودێری بەجێهێنانی ئەو بڕیارانە بکا کە مەسئولە لە جێبەجێکردنیان. ئەبێ ئەمە بەکاربهێنرێ بە سەر هەموو ئەندامێکداو وە ڕیز لە بنکەکانەوە هەتا ئەگاتە سەروو. بەلاّم دابەشکردنی ئیش واتای ئەوە نیيە لیژنەی زۆر دابمەزرێ بۆ موجادەلەی بیزانتی بێبایەخ بگرە ئامانج لە پێکهێنانی ئەم لیژنانە ئەبێ بۆ دابەشکردنی ئیش و جێبەجێکردن بەبێ دواکەوتن.

**سەقافەتی پارتی** (الثقافة الحزبية)

ئەم مەرجانەی لەوەو پێش باسمان کرد زۆر گرانە بێنە دی بەبێ سەقافەتێکی بەرین و قووڵ کەلەسەر نەزەریەکی پێشکەوتوی شۆڕشگێڕ دامەزرابێ وە لە ڕاستەقینەی ژیانەوە وەرگیرابێ. هەر تەنها دڵسۆزی ڕووت و دیموکراتیەت و دڵسۆزی سەرکردەکان بەس نیيە چونکە نەبوونی سەقافەتێکی ڕاست یان تەسکی ئەم سەقافەتە ئەندام ئەبێ بە ئامرازێکی بێ هۆ بەدەنگ هەموو بیروباوەڕێکەوە بچێ بەبێ لێکدانەوەو تێبینی کە ئەمەش خەتەرێکی گەورەیە بۆ پارتیەکە. وە مەبەستیش لە سەقافەت ئەو زانینە ڕووتانە نیيە کە لە کتێبەکاندا نووسراوە وە مەبەست لەبەرزکردنی ووشەو دروشم و نەزەریەکان نیيە بەڵکو مەبەست لەم سەقافەتە بەستنی نەزەریەکە بە کردەوە بەواتا بەکارهێنانی نەزەریەکە بەسەر واقعی ژیانی ئێستاماندا بەم جۆرە ئەتوانین پرۆگرامەکەمان لە واقعەوە وەربگرین کەتیا ئەژین لەسەر ڕۆشنایی ئەو نەزەریە زانستیەی لە کتێبەوە وەریئەگرین پێویستە پرۆگرامی پارتیەکی خەباتکەر لە ویستەمەنیەکانی ژیانی مادی گەلەکەیەوە وەربگیرێ لەسەر ڕۆشنایی زانستێکی ڕاست وەکو پرۆگرامەکەی پارتیمان کە ئاوێنەی ویستەمەنیەکانی نەتەوەی کوردمانە لەقۆناغی ئێستادا.

کەوابێ هەموو پارتیەکی خەباتکەر پێویستە چەکدار بێ بەسەقافەتێکی قووڵی بەرین کە بەسترابێ بە کردەوەوە بۆ ئەوەی جێگای پارتیەکە لە پێشڕەوی چینە کۆمەلاّیەتیەکانی گەلەوە بێنەهێڵێ دوور بکەوێتەوەو بەئاسماندا تەقلەبازی بکا پارتیەکی تێکۆشەر نەك هەر پێویستە پێشڕەوی بێ و بەس بگرە پێویستیشە نەپچڕاو بێ لە جەماهیری گەل و بەتەواوی بچێ بە ناخیا چونکە ئەگەر پێشڕەو لە لەشکرەکەی دوور بکەوێتەوە خەتەرێکی گەورە بۆ خۆی و لەشکرەکەی پەیدا ئەبێ. هیچ پارتیەك ناتوانێ سەرکردایەتی خەڵکی بکا ئەگەر زۆر بە توندی نەبەسترابێ بەو خەڵکەی لە دەرەوەی پارتیەکەن وە ئەگەر پەیوەستێکی بەهێزی نەبێ لەگەڵ ئەو خەڵکەدا وە ئەگەر ئەم خەڵکە ڕازی نەبێ بەسەرکردایەتی ئەو پارتیەوە ئەگەر ئەو پارتیە جێگایەکی بڵندی ئەدەبی و سیاسی نەبێ لەناو زۆربەی خەڵکیدا لێرەدا دەرئەکەوێ چەند خەتەرە خۆمان نقوم بکەین لەناو نەزەریەو ئەو دروشمانەی دوورن لە ویستەمەنی نیشتیمانیمانەوە چەند خەتەرە شووڵ هەڵکێشین لەو کردەوەو هەنگاوانەدا کە ئەیهاوێ.

**ئەم ڕێکخستنە لە بلاّوکراوەکانی**
**پارتی دیموکراتی کوردستان /لقی**
**سلێمانی** 5 /ا/1961